دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی

# دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

# لێکەوتە سیاسی و ئابوری و ئەمنییەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## د. ئاکۆ حەمەکەریم

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق

+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

**پوختە**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە ئێستا باس لە کشانەوەی سیستمی بەرگری ئاسمانیی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت لە فڕۆکەخانەی هەولێر، یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانکارییە ستراتیجییەکانی دوای شەڕی داعش، چونکە کاریگەرییەکانی تەنها لە چوارچێوەی سەربازیدا نابێت، بەڵکو بواری ئاسایش، ئابوری، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و داهاتووی سیستەمی سیاسی عێراقیش دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە، هەڵسەنگاندنی ئەم گۆڕانکارییە و لێکۆڵینەوە لە سیناریۆ و لێکەوتەکانی، بۆ بڕیاربەدەستان و دامەزراوە ئەمنیی و سیاسییەکان پێویستییەکی ستراتیجییە.

ئامانجی ئەم پۆلسی پەیپەرە شیکردنەوەی هۆکارەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی بژاردە ستراتیجییەکانە.

پۆلسی پەیپەرەکە، ئەوە دەردەخات کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی ستراتیجی لە بواری ئەمنی و هەواڵگریی، هەروەها دوور نییە هاوسەنگی هێز لەنێوان کارەکتەرە ناوخۆیی و هەرێمییەکان بگۆڕێت لە هەمانکاتدا، ئەم گۆڕانکارییە دەکرێت ببێتە هەلێکی نوێ بۆ چاکسازیی دامەزراوە ئەمنییەکان، بەهێزکردنی سەروەری دەوڵەت و نوێکردنەوەی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش بخوڵقێنێت، ئەگەر حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانن بە ستراتیجییەکی هاوبەش و درێژخایەن مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

لە کۆتاییدا، پۆلسی پەیپەرەکە کۆمەڵێک پێشنیاری ستراتیجی پێشکەش دەکات کە ئامانجیان بەهێزکردنی توانای دەوڵەت، کەمکردنەوەی مەترسییە ئەمنییەکان، پاراستنی هاوسەنگی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئامادەکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە.

## یەکەم: چوارچێوەی مێژوویی و یاسایی لە ( 2008 تا 2024)

عێراقی نوێ دوو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، یەکەم ڕێککەوتنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کە 2011 کۆتایی هات و بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا عێراقیان بەجێهێشت، دووەم ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیجی کە ڕێککەوتنامەی درێژخایەن و تایبەتە بە هاوکاری و ئاڵوگۆڕی ئابوری و بازرگانی و سەربازی و تەکنەلۆجی نێوان هەردوو دەوڵەت، بەم شێوەیە:

.1ڕێککەوتنی سۆفا :(SOFA 2008) ئەم ڕێککەوتنە لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش و نوری مالیکی واژۆ کرا، بووە هۆی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2011. ئەنجامی ئەو کشانەوەیە دروستبوونی بۆشاییەکی ئەمنی گەورە بوو کە داعش سوودی لێ وەرگرت و لە ساڵی 2014دا یەک لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیرکرد.

.2ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیجی :(SFA) ئەمە ڕێککەوتنێکی هەمیشەییە تەنیا لایەنی سەربازی ناگرێتەوە، بەڵکو بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، وزە و تەکنۆلۆجیا لەخۆ دەگرێت، بەرپرسانی ئەمریکا جەخت دەکەنەوە کشانەوەی سەربازی بە واتای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتنە نایەت، بەڵکو گۆڕینی شێوازی هاوکارییەکانە.

•ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (2014-2024): ئەم ئەرکە لەسەر داوای فەرمی حکومەتی عێراق بوو بۆ شەڕی داعش. لە ساڵی 2021دا، ئەرکەکە لە "شەڕکەر"ەوە گۆڕدرا بۆ "ڕاوێژکاری و مەشقپێکردن". بەڵام ڕووداوەکانی دوای 7ی ئۆکتۆبەری 2023 و هێرشی گروپە چەکدارەکان بۆ سەر بنکە ئەمریکییەکان، وایکرد مانەوەی ئەم هێزانە ببێتە بارگرانییەکی سیاسی بۆ حکومەتی سودانی.

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەڕەشەکانی داعش لە 2014، ئەمریکا ناچاربوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ژمارەی سەرباز و کەرەستە و جبەخانەی خۆی لەعێراق زیاد بکات، بەڵام دوای نەمانی هەڕەشەکانی داعش و لەمیانی شەڕی ئیسرائیل و حەماسدا

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

هێزە شیعەکان و حەشدی شەعبی فشاریان لە ئەمریکا کرد بۆ کشانەوەی تەواوی هێزەکانیان لە عێراق. سەر ئەنجام لە 2024 لەئیدارەی بایدن دا ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆکرا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی دوو ساڵدا.

**خشتەی کشانەوەکە**

بەپێی ڕێککەوتنەکەی 2024 دەبێت تا ئەیلولی 2026 ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کۆتایی بە ئەرکەکانیان بهێنن و ژمارەیەکی کەم راوێژکار و مەشقکاری سەربازی بمێننەوە، کە تەنها ئەرکیان پێدانی راوێژ و مەشقپێکردن بێت بەسوپای عێراق و بەشداری هیچ ئەرکێکی سەربازیی ناکەن. کشانەوەکە دوو قۆناغ لەخۆ دەگرێت:

قۆناغی یەکەم: لە سێپتەمبەری 2024 دەستپێکرد و تا سێپتەمبەری 2025 بەردەوام دەبێت. لەم قۆناغەدا هێزەکانی ئەمریکا بنکەی ئاسمانی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار و ناوچەی سەوز و بنکەی ڤیکتۆریا لە بەغدا بەجێدەهێڵن.

قۆناغی دووەم: لە سێپتەمبەری 2025 دەستپێدەکات و تا سێپتەمبەری 2026 درێژە دەکێشێت. لەم هێزەکانەی ئەمریکا لە خاکی هەرێمی کوردستان دەکشێنەوە بەتایبەتیش بنکەی فڕۆکەخانەی هەولێر.

**دووەم: گۆڕانیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا**

سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ لەسەر بنەمای دروشمی ئەمریکا یەکەمە America First دامەزراوە، ئەم بنەمایە (دۆکتۆرین)ە جەخت لەسەر پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی ئەمریکا و کەمکردنەوەی تێچووی دەستێوەردانە سەربازییەکان و زیادکردنی بەرپرسیارێتی هاوپەیمانان دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی ئەم دیدگایەدا، واشنتۆن پێیوایە ئامادەبوونی سەربازیی درێژخایەن لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئامانجە ستراتیجییە نوێیەکانی

ئەمریکا یەکناگرێتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کێبڕکێی لەگەڵ چین و ڕووسیا وەک ئاستەنگیی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە دەبینرێت.

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ، ڕەتکردنەوەی جەنگی درێژخایەنە لە دەرەوەی ئەمریکا. ئەمە بەو مانایە نایەت ئەمریکا هێزی سەربازیی بەکارناهێنێت، بەڵکو بەکاری دەهێنێت لەچوارچێوەیەکی سنورداردا (هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران) نەک جەنگی زەمینی درێژخایەن، بۆیە لە ڕوانگەی ترەمپەوە، شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق، سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمەکان، نەک تەنها ئامانجە ستراتیجییەکانیان بەدەست نەهێنا، بەڵکو ملیاران دۆلار تێچوو، هەزاران قوربانی و خراپترکردنی وێنەی ئەمریکایان لە ناوچەکەدا لێکەوتەوە.

ئیدارەی ترەمپ پێیوایە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە دەبێت زیاتر لە ئەستۆی دەوڵەتە خانەخوێ و هاوپەیمانە ناوچەییەکان بێت، نەک هێزەکانی ئەمریکا، لەچوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیەدا، کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق بەشێکە لە ستراتیجییەکی فراوانتر بۆ کەمکردنەوەی ئامادەبوونی سەربازیی لە دەرەوە و دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ بوارە ستراتیجییە نوێیەکان.

لە ڕوانگەی ئیدارەی ترەمپەوە، شەڕە درێژخایەنەکانی ئەفغانستان و عێراق خەرجییەکی زۆری دارایی و سەربازییان بەسەر ئەمریکادا سەپاندووە، بەبێ ئەوەی ئامانجە ستراتیجییەکانیان بە تەواوی بەدەست بهێنرێت. بۆیە، سیاسەتی (کۆتاییهێنان بە شەڕە درێژخایەنەکان) تەنها دروشمێکی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە هەوڵی نوێکردنەوەی دابەشکردنی سەرچاوەی هێزی ئەمریکا و ئاڕاستەکردنی بۆ بوارەکانی کێبڕکێی هێزە گەورەکان، تەکنەلۆجیا و ئاسایشی ئابوری.

هەروەها، ترەمپ پێداگریی لەسەر پرەنسیپی «هاوبەشکردنی بارقورسی» دەکات، بەو مانایەی هاوپەیمانەکان و وڵاتە خانەخوێیەکان دەبێت بەرپرسیارێتیی زیاتر لە پاراستنی ئاسایشی خۆیان بگرنە ئەستۆ لە ڕوانگەی ئەم سیاسەتەوە، ئامادەبوونی هێزەکانی ئەمریکا دەبێت سنووردار بێت و زیاتر لەسەر ڕاوێژکاری، مەشقپێکردن،

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

هەواڵگری و هاوکاریی تەکنیکی بنیات بنرێت، نەک لەسەر ئامادەبوونی فراوانی هێزی شەڕکەر.

ترەمپ پێیوایە هەر پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی دەبێت قازانجی ڕاستەوخۆ بۆ ئەمریکا کۆتایی بێت، لەو ڕوانگەیەوە، هەموو هاوپەیمانێتی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەپێی بەرژەوەندییە ئابوری و ئەمنییەکانی ئەمریکا هەڵدەسەنگێندرێن، نەک تەنها لەسەر بنەمای دۆستایەتی و پەیوەندی مێژوویی، ئیدارەی ترەمپ بەردەوام داوای لە هاوپەیمانانی ناتۆ، وڵاتانی کەنداو و وڵاتە خانەخوێیەکانی هێزە ئەمریکییەکان کردووە بەشێکی گەورەتر لە بارقورسیی دارایی و ئەمنی هەڵبگرن. لەم چوارچێوەیەدا، مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش بە ئاستی ئەو قازانجە ئابورییان دەپێورێن کە بۆ ئەمریکا فەراهەم دەکرێن.

لە چوارچێوەی ئەم دۆکتۆرینەدا، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکرێت وەک بەشێک لە گۆڕانێکی فراوانتر لە ستراتیجیی جیهانیی واشنتۆن لێکبدرێتەوە. ئەم بڕیارە تەنها پەیوەست بە دۆخی ناوخۆیی عێراقەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەوڵی ئەمریکا هەیە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ئامادەبوونی سەربازیی، دووبارە دابەشکردنی سەرچاوەکان و ئاڕاستەکردنی تواناکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگە ستراتیجییە نوێیەکان.

هەروەها، ئەم گۆڕانە بە واتای کۆتاییهاتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق نییە، بەڵکو شێوازی ئامادەبوون و بەکارهێنانی هێز و کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بۆیە، پێشبینی دەکرێت واشنتۆن لە قۆناغی داهاتوودا لە ڕێگەی دیپلۆماسی و کارتی دارایی و ئابوورییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دابڕێژێتەوە و هەروەک چۆن دەیەوێت لەڕێگەی هێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان و هاوکاریی هەواڵگری، پشتیوانیی لۆجستی، فرۆشتنی چەک؛ ڕۆڵی خۆی لە عێراق بپارێزێت.

### سێهەم: لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

کشانەوەی ئەمریکا چەندین لێکەوتەی ئەمنی و ئابوری و سیاسی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆسەر عێراق و هەرێمی کوردستان. گرنگترین لێکەوتەکان بریتین لە:

لێکەوتە ئەمنییەکان

هەرچەندە بەشێک لە شیعەکان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەسەرکەوتن دەزانن و وای وێنا دەکەن گەڕانەوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراقە، بەڵام لە واقعدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چەندین ئاڵەنگاریی ئەمنیی دروست دەکات:

.1سەرهەڵدان و بەهێزبوونی گروپە تیرۆریستەکانی وەک داعش. گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و روخانی رژێمی ئەسەد بۆشایی ئەمنی گەورەی دروستکردوە لە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و سوریا، بەتایبەتیش سنوری نێوان پارێزگای نەینەوا و ئەنبار لەگەڵ دەیرەزور و حمس کە ناوچەیەکی بیابانییە و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.

لە ئێستادا ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە سوریا خوی رێکخستوەتەوە و چالاکی ئەنجامدەدات و لە عێراقیش بوونی ماوە و شانەی نوستووی هەیە، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا دەرفەتێک دەرەخسێنێت بۆ بەهێزبوونەوەی داعش و پەلکێشانی بۆ عێراق.

.2 نا ئامادەیی سوپای عێراق: هەرچەندە ژمارەی سەربازەکانی سوپای عێراق زیاترە لە 330 هەزار چەکدار و بودجەی ساڵانەی 7.9 ملیار دۆلارە، بەڵام سوپایەکی لاواز و پەرشوبڵاو و شەڕنەکەرە و ناتوانرێت پشتی پێیبەسترێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، باشترین نموونەش بۆ ئەمە دارمانی سوپای عێراقە لە 2014 دوای هێرشەکانی داعش.

هۆکاری لاوازیی سوپای عێراق دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئینتیمای نیشتیمانی، باوەڕی سەربازی، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، مەحسوبیەت و دەستێوەردانی حزبی و مەزهەبی.

.3لەدەستدانی پشتیوانی ئاسمانی: هێزی ئاسمانی عێراق هێزێکی بچوک و لاوازە و توانای کۆنترۆڵکردن و پاراستنی ئاسمانی عێراقی نییە و سیستمی دژە ئاسمانی پێشکەوتووی لەبەردەست نییە، لەدوای رووخانی رژێمەوە لە 2003 ئەمریکا ئاسمانی عێراقی پاراستووە و پشتیوانی هێزی پیادەی عێراقی کردوە، لە شەڕی داعشدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا رۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوەیان هەبوو، بەڕۆشتنی ئەو هێزانە عێراق رووبەڕووی بۆشاییەکی گەورەی پشتیوانی ئاسمانی دەبێتەوە کە پڕکردنەوەی ئاسان نابێت.

.4له دەستدانی پشتیوانی هەواڵگیری: دەزگا هەواڵگیرییەکانی ئەمریکا رۆڵی سەرەکییان هەبوو لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاشکراکردنی گروپە تیرۆریستییەکان و پشتیوانیکردنی سوپای عێراق بەزانیاری دروست و فرە سەرچاوە و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مانگی دەستکرد. بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا عێراق ئەو پشتیوانیانە لەدەستدەدات.

لێکەوتە سیاسییەکان

بوونی ئەمریکا لە عێراق یارمەتیدەر بووە بۆ کەمکردنەوەی تەنگەژە و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حزب و پێکهاتە سەرەکییەکان، زۆرجار ئەمریکییەکان رۆڵی ناوبژیوان و نێوەندگیریان لە عێراق گێڕاوە و فشارییان لە لایەنەکان کردوە بۆ سازشکردن و گەیشتن بەرێککەوتن. بۆ نموونە ئەمریکییەکان وەک لایەنی سێهەم رۆڵی بەرچاویان هەیە لە کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و فشارکردن لە هەردوولا بۆ گەیشتن بەرێککەوتن.

پێشبینی دەکرێت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئاستی ململانێ و بەریەککەوتنی سیاسی و تائیفی لە عێراق زیاد بکات. لایەنێک نامێنێت هەوڵی پاراستنی سەقامگیری و هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان بدات و بەو ئاڕاستەیە فشار بکات. بەتایبەتیش لە ئێستادا ویست و ئیرادەیەک لای زۆرینەی شیعە بەدیدەکرێت بۆ سەپاندنی باڵادەستی

و هەژموونی خۆیان بەسەر تەواوی عێراق بە کۆنترۆڵکردنی سوننە و بچوک کردنەوەی و لە قاڵبدانی هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، چیتر عێراق ناتوانێت سیاسەتێکی هاوسەنگ پەیڕەو بکات لەنێوان داواکارییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لەلایەک و لەگەڵ داواکارییەکانی ئێران لەلایەکی تر، ئەمەش بەو واتایە دێت عێراق بەحوکمی جوگرافیا و مەزهەب زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەژموونی ئێرانەوە.

وەک ئاشکرایە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەو واتایە نایەت رۆڵ و پێگەی سیاسی ئەمریکا لە عێراق نامێنێت، بەڵکو رۆڵی سیاسی ئەمریکا بەردەوام دەبێت، بەڵام بە ئاست و کاریگەرییەکی کەمتر و لاوازتر.

لێکەوتە ئابوورییەکان

.1ئەمریکا قەڵغانێک بووە بۆ پاراستنی پارەکانی عێراق لە دەرەوە، لە 2003ـەوە داهاتی فرۆشتنی نەوت و پارەکانی تری عێراق لە هەژمارێکی بانکی فیدراڵی ئەمریکا دادەنرێن و دەپارێزرێن بە بڕیاری (1483) نەتەوە یەکگرتووەکان تا 2011 و دواتریش بەبڕیارێکی سەرۆکی ئەمریکا تا ئێستاش داهاتی عێراق لەژێر چاودێری و پارێزبەندی بانکی فیدراڵی ئەمریکادان دژی هەموو ئەو سکاڵا و داوای قەرەبووانەی لە نەوەدەکانەوە لەسەر عێراق تۆمارکراون. لە دۆخێکدا ئەمریکا ئەو پارێزبەندییە هەڵبگرێت بەشی زۆری ئەو پارانە بلۆک دەکرێن بۆ قەرەبووکردنەوە.

.2پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، یەکێکە لە کارتەکانی فشار دژی عێراق و سزادانی ئابوورییە، دوور نییە ئیدارەی ترەمپ ئەم کارتە دژی عێراق بەکاربهێنێت، بەمەش نرخی دینار و ئاستی فرۆشتنی نەوت دادەبەزێت، بە گشتی عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی و ئابوری قوڵ دەبێتەوە، لەکاتێکدا ئابوری عێراق ئابوورییەکی بەرخۆر (رەیعییە) و پشت بە تاکە داهاتی نەوت دەبەستێت.

.3لابردنی ڕێپێدانی تایبەت بەکڕینی غاز و کارەبا لە ئێران، ئەمریکا ریزپەڕییەکی (استثناء) تایبەتی بۆ عێراق کردبوو بۆ ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ ئێران واژۆیکردبوون و سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئەو وڵاتە نەیدەگرتەوە.

.4زیاتر سەپاندنی باج و تەعریفەی گومرگی بەسەر کاڵا وشمەکەکانی عێراق دا، وەک ترەمپ ئەنجامیدا و 30٪ گومرگی بەسەر عێراقدا سەپاند بە کەرتی نەوتەوە.

**چوارەم: دەرفەت و لێکەوتە ئەرێنییەکان**

سەرەڕای ئەو مەترسی و ئاڵەنگارییانەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دروستی دەکات، ئەم گواستنەوەیە لە هەمانکاتدا دەرفەتێکی ستراتیجی و مێژوویی دەرەخسێنێت بۆ بەهێزکردنی سەروەریی عێراق، چاکسازیی لە دامەزراوە ئەمنییەکان و داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوە. ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادەسازی تەواو بکات کشانەوەکە دەتوانێت ببێتە دەستپێکی قۆناغێک کە تێیدا دەوڵەتی عێراق بەرپرسیارێتیی تەواوی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و بڕیارسازیی سەربازی بە سەربەخۆیی هەڵدەگرێت.

گرنگترین لێکەوتە ئەرێنییەکان:-

١ .بەهێزکردنی سەروەریی، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدرێت، دەتوانێت هەنگاوێک بێت بۆ گواستنەوەی تەواوی بەرپرسیارێتیی ئەمنی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق. ئەمە دەتوانێت لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە سەروەریی عێراق بەهێزتر بکات.

٢ .زیادبوونی بەرپرسیارێتی دامەزراوە ئەمنییەکان، بوونی هێزەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەک وایکردبوو دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق پشت بە پشتیوانی دەرەکی ببەستن. کشانەوەی ئەو هێزانە دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ چاکسازیی سوپا، پۆلیس و دەزگا هەواڵگرییەکان و دروستکردنی توانای خۆماڵی.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

٣ .کەمبوونەوەی بوونی گرووپە چەکدارەکان، یەکێک لە بیانووە سەرەکییەکانی گرووپە چەکدارەکان، بوونی هێزە بیانییەکان بوو، ئەگەر ئەو هێزانە لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا ئەو گرووپانە هیچ بیانویەکیان نابێت بۆ هێرشکردن یاخود مانەوەیان.

٤ .دەرفەت بۆ سیاسەتی دەرەوەی هاوسەنگتر، ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێت سیاسەتێکی ژیرانە پەیڕەو بکات، کشانەوەی ئەمریکا دەرفەتێک دەبێت بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو بەرەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی هەرێمی، بەبێ ئەوەی ببێتە مەیدانی ململانێی یەکلاکردنەوەی ململانێکان.

٥ .کەمبوونەوەی مەترسیی هێرشەکان، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆربەی هێرشە مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دژی بنکەکانی ئەمریکا ئەنجام دران، بە کشانەوەی ئەو هێزانە، بیانویەک نامێنێت بۆ هێرشکردن.

بەڵام ئەم دەرفەتانە هەموویان مەرجدارن و بە شێوەی خۆکار بەدەست نایەن، ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت چاکسازیی ڕیشەیی لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکاندا جێبەجێ بکات و چەک لە ژێر دەستی دەوڵەت یەک نەخاتەوە، گەندەڵی و دەستێوەردانی سیاسی لە سوپا و دامەزراوەکان کەمنەکاتەوە و سیاسەتێکی دەرەوەی هاوسەنگ پەیڕەو نەکات، ئەوا ئەم دەرفەتە ستراتیجییانە بە ئاسانی دەگۆڕدرێن بۆ بۆشایی ئەمنی، ناسەقامگیریی سیاسی و فراوانبوونی هەژموونی هێزە هەرێمی و نادەوڵەتییەکان.

بۆیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نە سەرکەوتنی ڕەها و نە شکستی ڕەهایە؛ بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی مێژووییە بۆ دەوڵەتی عێراق.

## پێنجەم: ململانێی هەرێمی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق تەنها گۆڕانکارییەکی ئەمنیی ناوخۆیی نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هاوکێشەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە دروست دەکات.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، بوونی سەربازی ئەمریکا ڕۆڵی گرنگی لە سنووردارکردنی هەژموونی هێزە هەرێمییەکان، بەتایبەتی ئێران و تورکیا گێڕاوە، بە نەمانی ئەو هاوسەنگییە، ڕەنگە عێراق ببێتە گۆڕەپانی کێبڕکێی هێزە ناوچەییەکان، ئەمەش مەترسییەکانی سەر سەروەریی عێراق و ئاسایش و یەکپارچەیی زیاد دەکات.

**ئێران: فراوانکردنی قووڵایی ستراتیجی**

لە ڕوانگەی ئێرانەوە، کشانەوەی ئەمریکا یەکێکە لە گرنگترین دەستکەوتە ستراتیجییەکانی لە دوای ساڵی 2003 تاران لە چەندین ساڵی ڕابردوودا هەوڵیداوە لە ڕێگەی هاوپەیمانە سیاسی و گرووپە چەکدارە هاوپەیمانەکانیەوە هەژموونی خۆی لە عێراق، سووریا و لوبنان پەرەپێبدات بە کەمبوونەوەی ئامادەبوونی سەربازی ئەمریکا، بەرەی مقاوەمە بەهێز دەبێت بەتایبەتیش لە عێراق.

عێراق لە ستراتیجیی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی ئێراندا، تەنیا وڵاتێکی دراوسێ نییە، بەڵکو بەشێکە لە (قووڵایی ستراتیجی) پەیوەندیی نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە. هەر بۆیە، کەمبوونەوەی کاریگەریی ئەمریکا دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ بەهێزبوونی هەژموونی سیاسی، ئەمنی و ئابوریی ئێران لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا و فراوانبوونی کۆریدۆرە لۆجستی و بازرگانییەکانی نێوان تاران و دەریای ناوەڕاست .

کشانەوەی ئەمریکا، دەرگا واڵا دەکات لەبەردەم هەموو جۆرە ئەجێندایەکی دەرەکی بەتایبەتیش بۆ ئێران و بەئەندازەیەکی کەمتر بۆ تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، دەکرێت بەجۆرێک لەجۆرەکان ئێران و دۆستەکانی ببنە براوەی یەکەم لە عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، چونکە:

1. زیادبوونی ڕۆڵ و هەژموونی سیاسی ئێران لە عێراق، بەکشانەوەی هێزەکانیان ئەمریکا بەشێک لە هەژموونی سیاسی لە عێراق لەدەستدەدات و ئێران هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و کاریگەریی هەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی عێراق.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

.2تێوەگلانی عێراق لە شەڕ و ململانێ هەرێمایەتییەکان و راکێشانی عێراق بۆ ئەوەی بەفەرمی ببێت بە بەشێک لەبەرەی مقاوەمە، لەلایەن گروپە نزیکەکانی ئێرانەوە.

.3زیادبوونی رۆڵی مەیدانی ئێران و چونە ناو خاکی عێراقەوە، بەپێی ئەو یاداشتە نوێیەی لەنێوان عێراق و ئێراندا واژووکراوە و تایبەتە بە سنووری هەردوو وڵات، رێگا بە هێزە چەکدارەکانی ئێران دەدرێت سنور ببەزێن بۆ مەبەستی ئەمنی.

.4بەکارهێنانی عێراق بۆ خۆدزینەوە لە ئابلوقە ئابورییەکان، لەرێگەی سپیکردنەوەی پارە و بەقاچاخ بردنی دراو و چەک و شمەکەکانی تر.

.5بەهێزبوونی پێگەی هەواڵگیری ئێران لەناو عێراق و دروستکردنی رێڕەو و کۆریدۆرێک بۆ گەیشتن بە سوریا و لوبنان.

**تورکیا: پاراستنی سنوور و بەهێزکردنی پێگە**

تورکیا کشانەوەی ئەمریکا بە دوو ڕوانگە دەبینێت:

.1لە لایەکەوە، ئەنقەرە پێیوایە کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراق و سووریا دەرفەتێکە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی لە عێراق و سنووردارکردنی کاریگەریی پەکەکە.

.2لەلایەکی تر، تورکیا نیگەرانی ئەوەیە بۆشایی ئەمنیی دوای کشانەوەی ئەمریکا ببێتە هۆی دووبارە ڕێکخستنەوەی پەکەکە و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە سنوورییەکان.

لەبەر ئەوە، پێشبینی دەکرێت تورکیا لە داهاتوودا بوونی سەربازیی و ئۆپەراسیۆنی ئەمنیی خۆی لە عێراق بەردەوام بکات و تەنانەت فراوانتری بکات، بە مەبەستی پاراستنی سنوورەکانی و دروستکردنی ناوچەیەکی عازل (Buffer Zone) ئەم سیاسەتە، ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئەنقەرەوە بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی، بەڵام لە ڕوانگەی سەروەریی عێراقەوە بەردەوامبوونی دەستێوەردانی سەربازیی لە ناو خاکی وڵات و بەردەوامبوونی کێشەی سنووری و ئەمنی دەگەیەنێت.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

کۆی ئەم گۆڕانکارییانە نیشانی دەدەن کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق بە مانای کۆتاییهاتنی ململانێی هێزە هەرێمییەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی هاوسەنگیی هێزە بە ئاڕاستەی کێبڕکێی ڕاستەوخۆتری نێوان ئێران و تورکیا. لە نائامادەیی هێزێکی هاوسەنگکەر، هەریەک لەم دوو وڵاتە هەوڵ دەدات نفووزی سیاسی، ئەمنی و ئابوریی خۆی لە عێراق فراوانتر بکات، کە ئەمەش دەتوانێت ئازادیی بڕیاردانی ستراتیجیی بەغدا سنووردار بکات.

## شەشەم: کاریگەرییەکان لەسەر کورد

ئەمریکا سیاسەتێکی روون و ئاشکرا یاخود سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر کورد نییە، بەردەوام لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی خۆی بەرامبەر عێراق لە هەرێمی کوردستانی روانیوە، بەدیویێکی تردا کورد بەشێک نەبووە لە ئامانجی ستراتیجی ئەمریکا لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو میکانیزمێک بووە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا.

ئەمە بەو واتایە نایەت هەرێمی کوردستان جێ بایەخ و گرنگی ئەمریکا نەبووە، بەپێچەوانەوە هەندێکجار ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نزیک و هاوتەریب بووە لەگەڵ ویستەکانی گەلی کورددا، باشترین نمونەش بۆ ئەمە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقە لە 2003، ئەمریکا بڕیاری گۆڕینی رژێمی سەدامیدا لەپێناو کورد و گەلانی عێراق نەبوو، بەڵکو بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانی خۆی بوو، هەروەک چۆن دەیویست تورکیا لە جەنگەکەدا بەشدار بێت، یان لایەنی کەم رێگا بدات سوپای ئەمریکا بەخاکەکەیدا تێپەڕێت بۆ کردنەوەی بەرەی باکور، بەڵام کاتێک تورکیا ئەمانەی رەتکردەوە ئەمریکا سودی لە هێزی پێشمەرگە و هەرێم بینی بۆ کردنەوەی بەرەی باکور دژی رژێم.

بەشێوەیەکی گشتی کورد سودمەند بووە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق (چەسپاندنی فیدراڵی، هاوکاری ئابوری و سەربازی و بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

داعش)، بەهەمانشیوە ئەمریکا سوودی لە کورد وەرگرتووە بۆ پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیری لە عێراقدا.

کشانەوەی ئەمریکا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان:

.1کشانەوەی هێزەکانی و لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگە و ڕۆڵی کورد و سوننە لە بەرامبەر سیاسەتی پاوانخوازی شیعە، بەوپێیەی ئەمریکا چەتری پاراستنی هاوسەنگی و سازان (تەوافوق) بووە لە عێراق و زۆرجار پشتیوانی داواکارییەکانی کورد بووە لە بەرامبەر حکومەتی ناوەند.

.2زیادبوونی هەڕەشە ئەمنییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان بەدەر لەوەی هێزەکانی ئەمریکا رۆڵی راستەوخۆیان هەبوو لە زانیاری هەواڵگیریی و تێکشاندنی بەشێک لە درۆن و هێرشەکان، بوونی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لەناو هەرێمی کوردستان لەخۆیدا چەترێک بوو بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەربەستێک بوو لەبەرامبەر هەڕەشە و تەماحکارییەکان.

.3کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هۆکار دەبێت بۆ زیاتر لاوازیی ئابوری هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی متمانەی وەبەرهێنەران و کۆمپانیا بیانیەکان، بەتایبەتی کۆمپانیا نەوتییەکان کە بەدوای سەقامگیریی و بوونی زەمانەتدا دەگەڕێن.

4کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆی وەستانی پاڵپشتی هەواڵگیریی و هاوکاری دارایی و مەشق و پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە.

.5پچڕاندن یان کەمبوونەوەی ئاستی هەماهەنگی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە پرۆسە هاوبەشەکاندا لە دژی گروپە تیرۆرستییەکان بەتایبەتیش لە ناوچە تێکەڵ و سنورییەکان.

.6کەمبوونەوەی ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسیەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک دەرئەنجامێک بۆ دابەزینی ئاستی پاڵپشتی سیاسی و سەربازی.

**هەرێمی کوردستان چی بکات؟**

مەرج نییە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بەیەکجاری و بەتەواوی بێت هاوشێوەی عێراق، دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن و هەماهەنگی تایبەت لەگەڵ ئەمریکییەکان بکات بە مەبەستی مانەوەی بەشێک لە هێزەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر و پاراستنی ئاسمانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوندییەکانی خۆیان وەک کۆمپانیا نەوتییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نێردراوە دیپلۆماسییەکان. هەرچەندە ئەمە لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام وەک دیفاکتۆ دەتوانێت ئەنجامی بدات.

لەگەڵ ئەمانەش پێویستە هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ:

.1ڕاگرتنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ و یەکگرتوو لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، ئەویش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سیاسی، ئەمنی، ئابوری و بازرگانی هاوبەش.

.2داڕشتنەوەی شێوازی مامەڵە و سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە نوێیەکانی عێراق و ناوچەکە، پێدانی زەمانەت کە هەرێمی کوردستان دەستی دۆستایەتی بۆ هەمولایەک درێژ دەکات و نابێتە هەڕەشە بۆسەر دەوڵەتانی دراوسێ.

.3بەهێزکردن و فرەچەشن کردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەتایبەتیش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، چین، روسیا، بەریتانیا و فەرەنسا...هتد.

.4هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ هێز و لایەنە عەرەبییەکان بەتایبەتیش شیعە.

.5یەکخستن و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و پڕچەککردنی لەڕووی بەرگری ئاسمانی و توانای هەواڵگری.

هەرچەندە کاریگەرییە نەرێنی و هەڕەشەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆسەر هەرێمی کوردستان بەهێزە، بەڵام دەکرێت ئەم وەرچەرخانە دەرفەتێکی ستراتیجی و

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

مێژوویی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات؛ ئەگەر بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بتوانن بە سیاسەتێکی یەکگرتوو و واقیعبینانە ئەم قۆناغە نوێیە بقۆزنەوە، ئەم دەرفەتانە لەم خاڵە ستراتیجییانەدا چڕدەبنەوە:

لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کەمبوونەوەی ئامادەبوونی سەربازیی ئەمریکا هاندەرێکی بەهێز دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان بەرەو دارشتنی دیپلۆماسییەکی سەربەخۆتر و فرە-چەشن هەنگاو بنێت. ئەم پاشەکشەیە دەرفەتێکە بۆ دارشتنەوەی هاوسەنگیی دیپلۆماسی لەڕێگەی کاراکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین، روسیا و وڵاتانی کەنداو.

لە ڕووی ئەمنی و بەرگرییەوە، لەلایەکەوە، رەنگە کەمبوونەوە یان نەمانی پشتگیرییە دەرەکییەکان ببێتە فشار بۆ کۆتاییهێنان بە دابەشبوونی حزبی لەناو هێزە چەکدارەکاندا و خێراکردنی پرۆسەی یەکخستن، ڕیفۆرم و بە پیشەییکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەروەک دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێرش و هەڕەشەی گروپە چەکدارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان زۆرجار وایکردبوو کە ببێتە ئامانجی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکان وەک لەماوەی جەنگی ئێران و ئەمریکا- ئیسرائیل روویدا، نەمانی ئەو بنکانە رەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هێرشەکان.

کشانەوەی ئەمریکا تاقیکردنەوەیەکی مێژووییە بۆ هەرێمی کوردستان؛ ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ناوخۆدا یەکڕیز بێت، پێشمەرگە یەکبخات و ئابورییەکەی فرەچەشن بکات، ئەوا ئەم پاشەکشەیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە (هەرێمێکی وابەستە بە پارێزبەندیی بیانی)یەوە بۆ (قەوارەیەکی دەستووریی خاوەن هێزی خۆبژێو، دیپلۆماسییەکی فرە-جەمسەر، سەقامگیرییەکی پەرلەمانی لەگەڵ بەغدا).

## دەرئەنجامەکان

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ڕەهەندە مێژوویی، جیۆپۆلەتیکی، ئەمنی و سیاسییەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانە:

.1وەرچەرخان لە دۆکتۆرینی سیاستی ئەمریکادا: بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بڕیارێکی تاکتیکیی کاتی یان تایبەت بە ناوخۆی عێراق نییە، بەڵکو دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە لە سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆن. دۆکتۆرینی (ئەمریکا یەکەمە) ئەم دۆکتۆرینە ئامانجی کۆتاییهێنانە بە جەنگە زەمینییە درێژخایەنەکان و گواستنەوەی سەرنج و سەرچاوەکانە بۆ ململانێی هێزە گەورەکان (چین و ڕوسیا).

.2گۆڕینی شێوازی ئامادەبوون، نەک کۆتاییهاتنی پەیوەندی: کشانەوەی سەربازیی بە واتای کۆتاییهاتنی بەرژەوەندی و ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراق نایەت؛ واشنتۆن ستراتیجیی خۆی لە (ئامادەبوونی هێزی شەڕکەرەوە) دەگوازێتەوە بۆ پشت بەستن بە ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی (SFA)، هەواڵگری، دیپلۆماسی، گوشاری ئابوری و سیستەمی دارایی.

.3مەترسیی سەرهەڵدانەوەی بۆشایی ئەمنی و تیرۆر: بەهۆی لاوازیی بونیادی، گەندەڵی و نەبوونی ئینتیمای نیشتیمانی لەناو سوپای عێراقدا، لەدەستدانی پشتیوانیی ئاسمانی و هەواڵگریی ئەمریکا، بۆشاییەکی ئەمنیی مەترسیدار بە تایبەت لە ناوچە سنوورییە بیابانییەکانی نێوان عێراق و سووریا دروست دەبێت، کە مەترسیی بەهێزبوونەوەی شانەکانی داعش و تێکچوونی سەقامگیریی لێ دەکەوێتەوە .

.4توندبوونی ململانێی جیۆپۆلەتیکیی هەرێمی: بوونی ئەمریکا کاریگەریی هەبووە لەسەر سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەرەکی. بە نەمانی ئەو چەترە، عێراق دەبێتە گۆڕەپانی کێبڕکێی ڕاستەوخۆی هێزە هەرێمییەکان، ئێران لەڕێگەی

هاوپەیمانەکانیەوە قووڵایی ستراتیجی و نفوزی خۆی فراوانتر دەکات و تورکیاش بە مەبەستی پاراستنی سنوورەکانی و شەڕی پەکەکە، ئۆپەراسیۆن و بنکە سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات.

.5تێکچوونی هاوسەنگیی ناوخۆیی و لاوازبوونی پێگەی هەرێم: دوورکەوتنەوەی ئەمریکا وەک (ناوبژیوان)، هاوسەنگیی هێز لە بەغدا تێکدەدات، ویستی پاوانخوازی و مەرکەزییەت لەلایەن زۆرینەی شیعەوە بەرامبەر کورد و سوننە زیاد دەکات. هەرێمی کوردستان یەکێک لە زیانلێکەوتووترین ئەکتەرەکان دەبێت؛ چەتری پارێزەری ئاسمانی و سیاسی لەدەست دەدات، متمانەی کۆمپانیا بیانییەکانی وزە لاواز دەبێت و پرۆسەی چاکسازیی و هاوکارییەکانی پێشمەرگەش ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.

.6لاوازیی ئابوریی عێراق لەبەردەم سزاکاندا: ئابوریی عێراق بەهۆی سروشتە بەرکارییەکەیەوە (ڕەیعییەکەیەوە) بە تەواوی وابەستەی بازاڕی نەوت و سیستەمی بانکیی فیدراڵیی ئەمریکایە، لە ئەگەری سەپاندنی سزای ئابوری، باج و گومرگ لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە، یاخود هەڵگرتنی پارێزبەندیی سەر داهاتی نەوت، عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی و دارِمانی بەهای دینار دەبێتەوە .

7لە هەمانکاتدا، کشانەوەکە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەرەخسێنێت، ئەگەر چاکسازیی ڕیشەیی لە دامەزراوە ئەمنی و سیاسییەکان بکریت و چەک لەژێر دەستی دەوڵەت بێت و سیاسەتێکی دەرەوەی هاوسەنگ جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەتوانرێت سەروەریی نیشتیمانی و توانای خۆپارێزیی دەوڵەت بەهێز بکرێت.

.8داهاتووی عێراق دوای کشانەوەی ئەمریکا زیاتر لە هەر کاتێکی تر پەیوەستە بە توانای دامەزراوەکانی خۆی، ئەگەر دەوڵەتی عێراق بتوانێت بۆشاییەکانی ئەمنی و سیاسی بە پلاندانان و چاکسازی پڕبکاتەوە، ئەم قۆناغە دەبێتە دەرفەتی بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێزتر؛ بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت، عێراق ڕووبەڕووی

ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن، هەڵکشانی نفوزی هێزە دەرەکییەکان و لاوازبوونی دامەزراوە نیشتیمانییەکان دەبێتەوە.

9.لە کۆتاییدا، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نە سەرکەوتنێکی تەواوە بۆ لایەنێک و نە شکستێکی تەواوە بۆ لایەنێکی تر ئەوە تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازە بۆ دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان.

**سەرچاوەکان**


مركز البيان للدراسات والتخطيط. (٢٠٢٤). مستقبل العلاقات العراقية–الأمريكية بعد إنهاء مهمة التحالف الدولي: التحديات والفرص. بغداد.

U.S. Department of State. (2008). Strategic Framework Agreement for a Relationship of Friendship and Cooperation between the United States of America and the Republic of Iraq (SFA). Washington, D.C.: U.S. Government

U.S. Department of State / Republic of Iraq. (2008). Agreement Between the United States of America and the Republic of Iraq On the Withdrawal of United States Forces from Iraq and the Organization of Their Activities during Their Temporary Presence in Iraq (SOFA).

Center for Strategic and International Studies (CSIS). (2024). The Future of the U.S. Military Presence in Iraq and Syria: Assessing Strategic Vacuums and Regional Rivalries. Washington, D.C.

The Washington Institute for Near East Policy. (2024). Iraq After the Coalition: Managing Militia Hegemony and Kurdistan's Vulnerabilities. Policy Focus Series.

RAND Corporation. (2023). U.S. Presence and the Balance of Power in the Middle East: Transitioning from Endless Wars to Strategic Competition. Santa Monica, CA: RAND.